# داعش لە کوێوە بۆ کوێ؟



لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆپۆلەتیکاڵی

موئمین زەڵمی

2017

# داعش

# له كويوه بۆ كوێ؟

**لێكۆڵینەوەیەکی سۆسیۆپۆلەتیکاڵی**

**سەرهەڵدان و ئەنجامگیری**



**موئمین زەڵمی**



**2017**

**ناوی کتێب: داعش لە کوێوە بۆ کوێ؟**

**جۆر: بەدواداچوون**

**نوسەر: موئمین زەڵمی**

**ساڵی بڵاوکردنەوە: هاوینی** 2017

# پێشەکی

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، شەپۆلی کاری توندڕەوی و تیرۆریستی لە سەر ئاستی جیهاندا بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر ئامادەگیی خۆی نیشاندا و بۆ یەکەمینجار لەسەر ئاستی جیهان فراوانترین ناوچە بویە مەیدانی کاری تیرۆریستی و بە شێوەیەکی فراوانتر و پشتبەستوو بە داهاتێکی گەورەی مادی و دەوڵەمەند پەرە بە توندوتیژی و توندڕەوی و کاری تیرۆریستی درا.

ئەگەر جاران ڕێکخراوی (قاعیدە) بە سەرۆکایەتی ئوسامە بن لادن تۆڕی گەورەی توندڕەوت جیهانیی بووبێت ئەوا لە سەرەتای 2011 ەوە بە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی (داعش) کە کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شامە، شەپۆلی

توندڕەوی هەم بەهێزتر دەرکەوت و هەم نزیکتر لە ناوچەکە و بەتایبەت لە چوارچێوەی نەخشەی کوردستانی گەورەدا بوویە زەنگێکی مەترسیدار و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەرمان.

بە تایبەت کە لە هەردوو هەرێمی باشور و رۆژئاوای کوردستان هەڕەشە فراوانتر و رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی چەکداری و بەرگری لێکەوتەوە و هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان لە چەند ئاستێکی جیاوازدا رۆڵی بەرگری دەگێڕن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە مێژوو و ناسنامە و پێکهاتەی رێکخراوی داعش تێدەپەڕێنێت و لە روانگەیەکی سۆسیۆپۆلەتیکاڵییەوە لەسەر هۆکارە بابەتییەکانی

سەرهەڵدانی داعش دەگەڕێ و لە ڕەهەندەکانی فراوانبوونی کار و چالاکی و تەوژمی فیکری ئەم ڕەوتە دەکۆڵێتەوە، هەروەك بە ئاماژە بە شیکارە سیاسییە قووڵەکان لە سەر ئەنجامگیرییەکانی ئەو گەشە و فروانبوونە فیکری و کردەییە توندوتیژییانە دەوەستێت.

لێکۆڵینەوەکەمان لە ژێر ناونیشانی (داعش لە سەرەتاوە تا کۆتایی" لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆپۆلەتیکاڵی .. سەرهەڵدان و ئەنجامگیری) دەکەین بە دوو بەشی سەرەکییەوە: بەشی یەکەم هۆکارەکانی سەرهەڵدان و فراوانبوونی داعش، بەشی دووەم، ئەنجامی ئەم تێپەڕاندنە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقییە داعش بەرەوە کوێ دەبات.

هەروەك لە بەشی یەکەمدا، هۆکارە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فیکری، ئەمنی، رۆشنبیرییەکانی پشت سەرهەڵدان و فراوانبوونی داعش رووندەکرێنەوە و رەخنە جیدییەکانی سەر لایەن و ڕەوت و هێز و دەوڵەتە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان شیدەکرێنەوە.

لە بەشی دوومی لێکۆڵینەوەکەشدا، ئەوە خراوەتە ڕوو کە پاش هەموو تێپەڕاندنێك وەستان و پووکانەوە و لەناوچوون دێتە ئاراوە، روانگەکانی توانەوە و کۆتایی داعش لە لایەك و ئەگەرەکانی بەردەم هێز و دەوڵەتەکانی ناوچەکە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی شیدەکرێنەوە.

# بەشی یەکەم

## داعش .... سەرهەڵدان و فراوانبوون

## هۆکارەکانی سەرهەڵدان و فراوانبوونی داعش

لە ڕوانگەی ئەوەی کە پرسی لێکۆڵینەوە لە هۆکارە بابەتییەکانی سەرهەڵدان و فراوانابوونی ڕێکخراوی داعش وەك ڕەوتێکی فیکری توندڕەو بووەتە پرسێکی فراوانی جێ سەرنجی دەزگاو ناوەندە ئەکادیمییە جیهانییەکان، روانگەی دوو دەزگای میدیایی بەریتانی و ئەڵمانی لەو رووەوە دەخەینە ڕوو، دواتر قووڵتر لەسەر سەبکاتیگۆری هۆکارە بابەتییەکان دەوەستین.

دەزگایەکی میدیایی بەریتانی ئاشکرای دەکات، بۆشایی دەسەلاّت لە ولاّتە عەرەبییەکان و پەراوێزخستن هۆکاری دروست بوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشە، دوای

کەوتنە دەستی سامانێکی زۆر و سەرچاوەی نەوتیش خەڵکی ناوچەکانی تر روویان تێ کردن.

" ئیکونومێست " ی بەریتانی لە راپۆرتێکی شیکاریدا ئاماژە بەوە دەکات، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی موسڵمانانی جیهان داعش بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانن، نەك بە رێکخراوێکی پەیوەست بە ئاینی ئیسلامەوە، کەچی رۆژ دوای رۆژ ژمارەی تیرۆریستانی داعش روو لە زیاد بوونە.

هەروەك گۆڤارەکە نووسیویەتی، بوونی سامانێکی زۆر و چەندان کێڵگەی نەوت لە ژێر دەسەڵاتی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە، هۆکاری چوونی خەڵکە بۆ نێو داعش، دوا دەستکەوتنی چەکی زۆر و پێشکەوتووی ئەمریکیش لە عێراق، رێکخراوەکە بەهێزتر و مەترسیدارتربوو.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەداوە، داعش بەهۆی بەکارهێنانی ئایدلۆژیای ئیسلام، خەڵك هەڵدەخەڵەتێنێ، هاوکات بۆشایی دەسەڵات و گرفت و کێشەی هاووڵاتییانی وڵاتانی ئیسلامی و دنیا، هۆکاری سەرەکی چوونی خەڵکە بۆ نێو داعش.

لەکۆتایی بابەتەکە، ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیست ئاشکرای کردووە، شەڕی سووریا کۆتایی نایەت، ئەمەش بارودۆخی عێراق بە خراپی دەهێڵێتەوە، ئێستەش تیرۆریستانی داعش کار لەسەر نەوەی نوێی خەڵکی عێراق و سووریا و وڵاتانی دراوسێ دەکەن، ئەمەش بەردەوامی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریتسییە دەهێڵێتەوە.

له لایەکیترەوە، هەفتەنامەی ئەڵمانی "شپیگڵ" به هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی زۆر بابەت و نووسراوی ئەو ئەفسەرە عێراقییەی کە خاوەنی بیرۆکەی دەست بەسەرداگرتنی سووریا بوو، توانی هەندێ وەڵام بۆ ئەم بابەته بدۆزێتەوە.

ئەو ئەفسەرە (سەمیر عەبد محەمەد ئەلخەلیفاوی) بوو کە له 2014 جەنگێکی کورتماوەدا له بەرەبەیانییەك له ژانویەی له باشووری شاری (تەل رەفعەت) کوژرا، ئەو کەسانەی کوشتیان، نەیانزانی ئەو کێیه، نەیانزانی ئەوان سەرکردەیەکی ستراتیژیی گرووپێکی بەناو دەوڵەتی ئیسلامییان کوشتووە. ئەفسەرە عێراقییەکه نزیکەی 60 ساڵی تەمەن بوو و بەناوی خوازراوی (حاجی بەکر) دەناسرایەوە، ئەو عەقیدی پێشووی دەزگای ئاسایشی و

هەواڵنێری پەدافەندی ئاسمانی سەدام حوسێن بوو، کە ساڵانێکی زۆر نهێنییەکانی داڕشتنی دەوڵەتی ئیسلامی بەدەستەوە بوو، هاوڕێکانی پێشووی ئەم گرووپە، وەك کەسێکی بەرپرس ناویان دەهێنا.

بەڵام کاتێ کوژرا، ئەو نهێنییەی کە نەدەبوو کەس بیزانێ، لە پاشی بەجێ ما، واتە گەڵاڵەکانی داڕشتنی بناغەی دەوڵەتی ئیسلامی و زۆرێك لە پرۆگرامی فکری و ئەندازیاری عەسکەری لە شێوەی هێڵی بیرکاری کە روونیان کردەوە، چۆن حکوومەت و دەسەڵاتێك شکستی پێ دێ و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە.

"شپیگڵ دەنووسێت، ئێستا بۆ یەکەمین جار بەڵگەنامەکانی (حاجی بەکر) پێمان دەڵێن، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)

چۆن دامەزراوە و کاربەدەستانی پێشووی دەوڵەتی سەدام حوسێن چ ڕۆڵێکیان تێدا گێڕاوە، لە هەموو شتێك گرینگتر، بۆمان دەردەخات چۆن داڕێژەی دەسەلاّت لە باکوری سووریا گەلاّڵە کرا و و دواتر پەل بهاوێتە عێراقەوە.

ئەوەشی نوسیوە، چیرۆك یان درامای ئەم بەڵگانە کاتیٚ دەست پیٚ دەکات، (حاجی بەکر) لە دوا مانگەکانی 2012دا کاتیٚ لەگەلٚ چەند کەسێکدا سەفەری کرد بۆ سووریا، وا دیار بوو پیلانێکی هەبوو.

حاجی بەکر چووە (تەل رەفعەت) لە باکوری حەڵەب و لەویٚ نیشتەجیٚ بوو، ئەوەیش بیرۆکەیەکی باش بوو، چونکە لە هەشتاکاندا زۆر لە دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە بۆ کارکردن و بژێویی ژیان، چووبوونە ولاّتانی کەنداو

بەتایبەت عەرەبستان. لە دوای پێوەندیکردن، بەشێکی زۆریان بە باوەڕێکی ڕادیکاڵی و توندڕۆییانەوە لە 2013دا گەڕانەوە (تەل رەفعەت) و ئەم شوێنە بوو بە بنکەی سەرەکیی دەوڵەتی ئیسلامی لە پارێزگاری حەڵەب و هێزێکی سەدان کەسییان پێکهێنا، لەوێ حاجی بەکر بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی پێشنیاز کرد.

ێشپیگڵ دەنووسێت: دەوڵەتی ئیسلامی جیا لە بیرۆکەی جیهادی، هیچ وێچوویەکی تری لەگەڵ گرووپەکانی پێش خۆیان و (القاعیدە) نییە، واتە نە کردەوەکانیان و نە بەرنامەی ستراتیژیك و نە ئاڵوگۆڕە هاوپەیمانییەکانیان و نە لە خوێندنەوی پڕوپاگەندەکانیاندا، دیاردەیەکی بەرچاوی ئایینیی پێوە دیار نییە، ئەوان تەنیا مەبەستیان قودرەت و هێزە. ئەم شکستانەی بەو دواییانە تووشی

داعش بوون، ئەم بۆچوونەمان لا دروست دەکات کە ڕەنگە کۆتایی کار و چالاکیەکانیان بێ و بچنە بیرەوەری مێژووەوە، بەڵام دڵنیا بن بۆچوونێکی هەڵەیە و سەرەڕای ئەوەی هێزێکی زۆری لێ کوژراوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە لە سووریا ڕوو لە گەشەی زیاترە، بۆردومانە ئاسمانییەکان ڕەنگە توانیبێتیان هەندێ سەرچاوە داراییەکانی نەوت و پاڵاوگەکانیان خاپوور کردبن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کەس ناتوانێ پێش بە بەڕێوەبەران و بەرپرسەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بگرێ کە باج و خەراج لەو ملیۆنان کەسانە نەستێنن، یان نەهێڵن ماڵ و موڵکیان داگیر بکرێ کە لە ژێر جوگرافیای دەسەڵاتی ئەواندا دەژین.

## 1. بارودۆخی سیاسی:

ئەگەر سەرنجێکی بارودۆخی سیاسی و سیستەمی حوکمرانی وڵاتە عەرەبییەکان و ئیقلیمییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەین، دەبینین کە دیکتاتۆری و خۆسەپاندن و تاکڕەوی و حوکمی بنەماڵەیی بە زەبر و زەنگ و خۆسەپاندن بەردەوامە و بە هیچ شێوەیەك رێگا بە رەخنە و ئۆپۆزسیۆن بوون نادرێت و تەنانەت لە زۆرێك لەو وڵاتانەشدا لێزانانە سیستەمە سیاسییەکانی حوکمڕانی گۆڕدراون بۆ حوکمی بنەماڵەیی و تاکەکەسی و رێگا بە هەڵبژاردنیش نادرێت کە لە سەرەتاییترین مافەکانی تاکەکانە.

هۆكاره سیاسییەکانی پشت سەرهەڵدانی داعش له فۆرمێکی فراواندا خراپی سیستەمی حوکمڕانی و نالەباری و ئاڵۆزی سیاسی و شەڕی بەرژەوەندییەکانی کەسییەکانه له ناوچەکەدا.

ئەگەر لەسەر هەردوو وڵاتی  سوریا و عیراق بوەستین، دەبینین حوکمی بنەماڵەیی ئەسەد له سوریا له ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا که هەموو مافەکانی تاکەکانی ئەو وڵاتەی پێشێلکردبوو، هەر له مافی نەتەوەییەوه تا مافی مەزهەبی و ئۆپۆزسیۆن بوون و کاری سیاسی و رێکخراوەیی و رۆشنبیری. هەروەك بێدەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاته زلهێزەکان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ بەرامبەر ستەمکارییەکانی حوکەمەتی ئەسەد جامی تووڕەیی و بێزاری خەڵکی وڵاتەکەی هاوکات لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا

تەقاند، بەڵام بە پێچەوانەی وڵاتانیتری بەهاری عەرەبییەوە، بەردەوامی بەشار ئەسەدی سەرۆك کۆماری سوریا لەسەر سیاسەتەکانی و شەڕی مان و نەمانی بە هاوکاری وڵاتانی دراوسێ و هێڵی بەرژەوەندیخواز، کوشتن و بڕینی هاوڵاتیانی دانیشتووی ناوچە نارازییەکانی دەستپێکردن و سەدان هەزار هاوڵاتی بێتاوانی سوریای کوشت و ملیۆنانی ئاوارە کرد، لەو لاشەوە ڕێکخراوی چەکدارییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و داعش وەك توندڕەوترین هێزی چەکداری فراوانتر و بەهێزتر بوو.

هەروەها لە عیراقیش لە پاش کۆتایی هاتنی حوکمی دیکتاتۆری سەدام حسێنەوە، ناکۆکی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عیراق لە ناکۆکی سیاسییەوە بۆ ناکۆکی

مەزهەبی و تایفی و نەتەوەیی و دەستێوەردانی دەرەکەی بارودۆخی وڵاتەکەی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپبوون برد و ڕێگای خۆشکرد کە داعش و ڕەوتە توندڕەوەکان خێراتر گەشە بکەن و لە مانگی حوزەیرانی 2014شەوە بە شێوەیەکی ئاسان داعش توانی بەشێکی زۆری خاکی عیراق لە سنوری پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار کۆنترۆڵ بکات و تا ئێستاش موسڵ کە دووەم گەورە شاری عیراقە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوی داعشدایە و پایتەختی یەکەمی داعشە.

بەشێکی گەورەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش پەیوەست بە هۆکارە سیاسییەکانەوە، لاوازی هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەسەر بارودۆخی سوریا، هەڵە و نوقسانییەکانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عیراق نوری

**مالیکی بە ئاراستەی مومارەسەکردنی دەسەڵاتی تائیفی، لەو هۆکارانەن کە بوونە هۆی فراوانبوون و گەشەی داعش"**. (**مسبار،** 2014)

**سەنتەری مسبار بۆ لێکۆڵینەوە و شیکاری سیاسی** (2014) **روونیشیکردووەتەوە، "داعش سەرکەوتوو بوو لە کۆکردنەوەی موڵك و ماڵی ناو سوریا و ئەو هەموو میکانیزمە داراییانەی گرتیە بەر بۆ خۆدەوڵەمەندکردن لە ژێر ناوی** (**غەنیمەت**)**، و جزیە ، بەلاّم هێشتاش پرسیارێکی گەورە ماوە ، ئایا هیچ ولاّتێکی دیاریکراو هاوکاری دارایی داعش دەکات؟"**.

**لە ماوەی ڕابردوودا و لە چوارجێوەی فراوانبوون و بەهێزبوونی تۆڕی توندڕەوی داعش، ژمارەیەك گەنج لە**

**هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندییان بە رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە کرد کە ژمارەیان گەشتە نزیکەی 600 کەس (تاڵەبانی، 2016).**

**لە ناوەڕاستی ساڵی 2012 ەوە و لەگەڵ فراوانبوونی شۆڕشی چەکداری ئیسلامییەکان دژی رژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا دەیان گەنجی هەرێمی کوردستان چوونە ناو ئەو رێکخراوانەوە خۆیان واتەنی " رێگای جیهاد"یان گرتە بەر، لە کۆی ژمارەی 600 گەنجی هەرێمی کوردستان کە چوونەتە ناو داعش و رێکخراوە چەکدارییە ئیسلامییەکان (بە وتەی رەنج تاڵەبانی/ شارەزای ئەمنی لە دەزگای زانیاری یەکێتی لە سلێمانی/دیداری ئەمریکی زانکۆی سلێمانی/ ئازاری 2016) زیاتر لە 50 کەسیان خەڵکی پاریزگای هەڵەبجە بوون و تا ئێستاش 20 کەسیان**

**کوژراون. پەیوەندیکردنی ئەو گەنجانەش بە ڕێکخراوە توندڕەوەکانی سوریا و بە تایبەت داعش، ژمارەیەك هۆکاری بە دواوە بوو، کە گرنگترینیان هۆکاری سیاسی بوون (کوردستان تریبیون، 2014).**

**لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردووی حوکمرانی هەرێمی کوردستاندا, جگە لەوەی نەتوانراوە ئەزمونێکی پێشکەوتوو و هاوچەرخی حوکمرانی پێشکەش بکرێت, هەزاران پێشێلکاری مافی مرۆۋ تومار کراون و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی سەردان ڕاپۆرتیان لەسەر خراپی بارودۆخی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان بڵاوکردوەتەوە.**

ئازادی ڕۆژنامەوانی، ڕادەربڕین، پابەندی ئایینی، لە ریزبەندی ئەو پێشێلکارییانەدان کە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ماڵن و لە لایەن رێکخراوە جیاوازەکانەوە تۆمار کراون.

لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و هەڵەبجە لە باشووری کوردستان چەندین گەنج بە هۆی ئەوەی رێگریان لێکراوە کە پەیڕەوکاری جیاوازی سیاسیی بن و رووبەڕووی هەڕەشە و تۆقاندن و تەنانەت کوشتنیش کراونەتەوە.

کوژرانی سۆرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی و بەم دواییانەش وەدات دهۆکی، لە لایەن هێزە ئەمنییە نەناسراو و دەمامکدارەکانەوە لە چوارچێوەی ئەو پێشێلکارییانەدان کە بە هۆکاری جیاواز بوونەتە هۆی

بێزاری گەنجان و پەنابردنیان بۆ تۆڵەکردنەوە و خۆ دەربازکردن و بە هاوکاری ژینگەکەش رەنگە بەشێك لە گەنجان پەیوەندییان بە رێکخراوە توندڕەوەکانەوە کردبێ لەوانەش رێکخرای تیرۆریستی داعش.

خراپی سیستەمی حوکمڕانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هۆکارە بابەتییانەن کە بوونەتە هۆ گەشە و نەش و نما و فراوانبوونی بیری توندڕەوی و تیرۆریستی بە تایبەت داعش.

## ٢ .بارودۆخی ئابووری:

سیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو هەموو گەندەڵییە ئابوریەی کە ناوچەکەی گرتووەتەوە و لە ماوەی دە ساڵی رابردووەوە رۆژ دوای رۆژ قەیرانە

داراییەکانی سەختر کردووە، هۆکارێکی گەورە بوو بۆ سەرهەڵدان و فراوانبوونی داعش.

ئەوەش لەو روانگەیەوە کە خەڵك، تیرە و عەشرەتەکان ئامادەبوون گروپی چەکداری دروست بکەن بۆ ئەوەی بۆرییە نەوتەکان دەستبەسەردا بگرن، کاروانی کۆمپانیا زەبەلاحەکان بە بارمتە بگرن، کوڕ و منداڵ و کەسوکاری بەرپرس و دەوڵەمەندەکان بفرێنن،.

لەگەڵ شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ عیراق و خراپبوونی بارودۆخی دارایی خەڵك، چەندین گروپی توندڕەو دروستبوون، کە ئامانجیان بوو خۆیان ل برسییەتی رزگار بکەن.

ئامارە نێودەوڵەتییەکان خراپبوونی بارودۆخی دارایی عیراق بە هۆکاری گەورەی پەرەسەندنی فیکری توندڕەوی و گیانی تۆڵەسەندنەدەوە دەزانن، چونکە ئاستی هەژاری بە شێوەیەکی بەربلاو بەرزبووەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە لە ماوەی دەسەڵاتی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عیراقدا، دەسەڵاتداری لەسەر بنەمای تایفەگەری و مەزهەب وایکردبوو کە ناوچە سوننە نشینەکانی هاوشێوەیەی دیالە و ئەنبار و موسڵ بارودۆخی ئابووریان خراپتر بێت و ڕێژەی هەژاری بەرزتر ببێتەوە و گیانی تۆڵەسەندنەوەش بەهێزتر بێت کە دواجار سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی لێکەوەتەوە.

**له سوریاش ، جگه لەوەی کە چەندین ساڵە بنەماڵەی ئەسەد خەڵکی ئەو وڵاتە دەچەوسێنێتەوە، لە پاش شۆڕشی بەهاری عەرەبیش ، قاتو قڕی و خراپی گوزەران و ژیانی خەڵك، تەنگی بە دانیشتوانی سوریا و بە تایبەت ئەو ناوچانە هەڵچنی کە هێزە ئازادیخوازەکان و ئۆپۆزسیۆنی چەکداری تێدا نیشتەجێ بوون.**

**بە گوێرەی راپۆرتی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان (2015)، شەڕی سوریا ئاستی هەژاری لە وڵاتەکەدا لەسەدا 80 بەرز کردووەتەوە و بارودۆخی ئابوری خەڵك بەردەوام لە دابەزین و خراپبووندایە. هەروەك باسلەوەشکراوە لە هەر 5 تاکێکی سوری ئێستا 4 کەسیان لە ریزی هەژاریدان.**

لەو چوارچێوەیەشدا رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە ناوی بەرگری لە مافخوراوان و خەبات بۆ گێڕانەوەی داهاتی وڵات هەزاران گەنجی عیراق و سوریای بۆ لای خۆی راکێشا و ئەوەش بوویە هۆکارێکی گەورەبوون و فراوانبوونی رێکخراوی داعش.

لە هەرێمی کوردستانیش، خراپی بژێوی ژیان و قەیرانە داراییەکانی وەك چۆن لە چەند ساڵی ڕابردوودا بوونە هۆکاری کۆچی نایاساییە سەدان کەس، بەو شێوەیەش دەیان گەنج بە خۆیان و خێزان و بنەماڵەیانەوە، پەیوەندییان بە رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە کرد، هەم بۆ رزگاربوون لە قەیرانە سەختە داراییەکانی کوردستان و هەم بە ناوی جیهاد و خۆ تەرخانکردن بۆ خوا کە پاڵنەری سەرەکی خواستی تۆڵەسەندنەوە بوو لە حوکمڕانانی عیراق

و کوردستان کە دەیان ساڵە قووتی خەڵکی دەبەن و خەڵك دەچەوسێننەوە.

## ٣ .بارودۆخی فیکری و ڕۆشنبیریی:

ههەر ڕێکخراو و گروپ و قەوارەیەك کە دروست دەبێت لەسەر بنەمای فیکرێك و کۆمەڵێك کردەی ڕۆشنبیری و فیکری چالاکییەکانی دەستپێدەکات و گەشە بە فراوانبوونی کارەکانی دەدات، هەروەك ڕەوتێك یان ڕێکخراوێکی ئایینی توندڕەوەی لە هەموو پارت و ڕێکخراوێکیتر زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری فیکرەوە.

قەیرانی فیکری تەندروست و ڕۆشنبیری هاوچەرخ، لەو هۆکارە کاریگەرانەن کە بوونە هۆی سەرهەڵدان و فراوانبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.

لە مێژووی ئیسلامیدا ژمارەیەك زانا و بیرمەندی ئیسلامی هەن کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە تێگەشتنەوە توندەکانیان، بە بیڕورا جیاوازەکانیان، بە فەتوا ناهاوسەنگەکانیان بوونەتە هۆی لێکپچڕانی کۆمەڵگەی موسوڵمانان و دابەشکردنیان بەسەر تاقم و گرۆ جیاوازەکاندا بەتایبەتیش توندڕەو و شلرەو و کەمترینی ڕەوتی ئایینیش بە میانڕەوی ماونەتەوە. (جەزیرە، 2013)

گەورەترین هۆکاری بلاْبوونەوەی ڕەوتی توندڕەوی چی داعش وەك سەردەمیترین ڕێکخراوی تیرۆریستی و پێشتریش قاعیدە و بۆکۆحەرام و ئەنسرائیسلام و تەوحید و جوندلئیسلام، لەگەڵ ەئوەی لە ژێر کاریگەری ئەو فەتوا توندانەدا بوون، ئاواش لە ژێر هەژموونی تێپەڕاندن و تۆڵەسەندنەوە و پێشکەوتنی فیکرە بەرامبەرەکانیاندا

بوون، هەمیشە فەتوای (کافر، مورتەد، مونافیق، لادەر)یان داوەتە پاڵ برا موسوڵمانەکانیان و ئامادەییان دەربڕیوە شەڕی خوێناوییان لەگەڵدا بەرپا بکەن.

هەر بۆیەش دەبینین لە هەر ژینگەیەکدا بواری زیاتر بۆ بڵاوبوونەوەی فیکری سەلەفییەتی پەڕگیری و توندڕەوی و چاپ و بڵاوکردنەوەی نوسراو و وتار و نوسینەکانی زانا ئاینییە توندڕەوەکان رەخسابێت.

ئەوا رێکخراوی تیرۆریستی داعش زیاتر گەشەی کردووە و فراوانتر بووە، بە پێچەوانەوە لە هەر ژینگەیەکدا دەرفەتی زیاتر بۆ زانایا ئاینییە میانڕەوە هاوچەرخەکان رەخسا بێت کەمترین گەشەی فیکری توندڕەوەی داعش دەبینرێت.

## ٤ .بارودۆخی ئەمنی:

لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان بە هۆکارە سیاسییەکانی فراوانبوونی داعش کرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە حوکم و دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سیستەمی حومکڕانی فاشیل دەگرێتەوە، لە ڕەهەندێکیترەوە دووبارە دەسەڵاتی لۆکاڵی و ناوچەیی کاریگەری زۆر خراپیان هەبووە لەسەر بڵاوبوونەوە و گەشەی داعش.

لە سوریا مامەڵەی خراپ و ناتەندروستی شەبیحەکانی رژێمی ئەسەد، لە چەوساندندەوە و کوشتن و قاتوبڕ کردنی هاوڵاتیانی کورد و سوننە و نەتەوەکانیتر، گیانی تۆڵەسەندنەوەی لە ناو گەنجانی ئەو وڵاتەدا چاند و هەر زوو بوویە هۆی گەشەی رێکخراوی توندڕەوەکان و سەدان

گەنج بۆ تۆڵەسەندنەوەی پەیوەندییان بەو ڕێکخراوە توندڕەوەوە کرد.

لە عیراق، حوکمڕانی خراپی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عیراق و مامەڵەی ناپەسەندی ڕێکخراوە چەکدارییە شیعییەکان بەرامبەر بە سونە مەزهەبەکان و پەراوێزخستنی ناوچە سوننە نشینەکان لە ڕووی ئەمنی و ئاسایشەوە، وای کرد کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە گەنجانی سوننەی عیراق هەر لەگەڵ شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عیراق لە ساڵی 2003 ەوە هەوڵی پێکهێنان و دروستکردنی گروپی چەکدارییان دا لە ناوچەکانی خۆیاندا بە تایبەت فەلووجە و شار و شارۆچکەکانیتری ئەنبار و موسڵو دەستیاندایە چالاکی جۆراوجۆری توندڕەوەی چەکداری دژی ڕژێمی عیراقیی و

**میلیشیا شیعییەکان، هەر لە خۆتەقاندنەوە، تەقاندنەوە، بۆمبڕێژکردن، گرتن و رفاندن، تەقەی راستەوخۆ، تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتییەکان، هێرش بۆ سەر شوێنە گشتییەکان، تەقاندنەوەی مەرقەد و شوێنە ئاینییەکان و ... تاد.**

**دواجاریش و لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی 2011 ەوە بەشیکی زۆر لەو گروپە توندڕەوە سونییانە پەیوەندییان کرد بە رێکخراوی داعشەوە وبوونە بەشێك لە چەکدارانی داعش و پەرەیان بە چالاکییە چەکداری و توندڕەو و قێزەوەن و ناپەسەندەکانی داعشدا.**

**لە هەرێمی کوردستانی عیراقیش، بە پێی ئامارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ژمارەی ئەو**

**گەنجانەی چوونە ناو داعش دەگاتە نزیکەی 600 گەنج، کە بەشێکیان خێزاندارن و لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان چوونەتە ناو ئەو رێکخراوەوە، و تا ئێستاش دەیان کەسیان لیٚ کوژراون.** (بەیان، 2013)

**ئەگەرچی لە هۆکارەکانی پێشتردا روونکردنەوەی زیاتر دراوە لەسەر هۆکارەکانی گەشە و نەش ونمای داعش و بیری توندڕەوەی لە هەرێمی کوردستاندا کە یەکێك لە هۆکارەکان (حزبە ئیسلامییەکان)ن و دواتر وردتر لەسەری دەوەستین، بەڵام مامەڵەی توندوتیژی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر شەپۆلی توندڕەوەی.**

بەشێك لەو گەنجانەی چوونەتە ناوداعش جگە لە هۆکارە سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان، هۆکارە ئەمنییەکان تۆخدەکەنەوە، کە لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا هێزە ئەمنییەکان مامەڵەیان توند بووە لەگەڵیاندا، بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە مزگەوتەکان پاش نوێژەکان راستەوخۆ دادەخران و دەرس و وانە وتنەوەی ئایینی لە مزگەوتەکاندا قەدەغەکرا، ریش و سیواك لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا بوویە بەڵا بۆ ئەو گەنجانەی کە وەك پرەنسیپێکی ئایینی جێبەجێیان دەکرد.

گەنجێکی کورد کە چوویە ناو داعش و کوژرا لە تۆمارێکی ڤیدیۆییدا هۆکاری چوونە ناو داعشی بە خراپی مامەڵەی

هێزە ئەمنییەکانەوە بەستووەتەوە، کە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

گەنجێکیتری کورد پاش ئەوەی بۆ ماوەی دوو مانگ چووبوویە ناو داعش، بە هەوڵی کەسوکاری گەڕێنرابوویەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام مامەڵەی هێزە ئەمەنییەکان لەگەڵیدا ناچاریان کردبوو دووبارە پەنا بۆ ناو داعش بباتەوە و لە ناوەڕاستی 2015 دا کوژرا.

## 5.حزبە ئایدۆلۆجییەکان:

یەکێکیتر لە هۆکارەکانی گەشە و نەش و نمای ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و فیکری توندڕەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیاسەت، دونیابینی، خیتابی سیاسی، ئاڕاستەی فیکری وپەروەردەیی، سیستەمی حزبی،

**پەیڕەوەی ناوخۆیی، پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبە ئایدۆلۆجییەکانە .**

**ئەگەر سەرنج بدەین لە عیراقدا، حزبە ئایدۆلۆجییە (سوننە مەزهەبەکان) نەیانتوانیوە وەك پێویستی بەدەم خەم و ژانی گەلە ستەمدیدەکانەوە بن، زۆرترین کار و چالاکییان خستووە خزمەتی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەشداری سیاسییەوە و پەروەردە و فیکر و رۆشنبیرییان فەرامۆش کردووە.**

**بەشێکی زۆری سەرکردەکانی حزبە ئاینییە عیراقییەکان بوونە بازرگانی گەورە و پرۆژەی یەکەمینا بووەتە شەخسی و خۆدەوڵەمەندکردن، ژیانی ئەوروپا و جەزیرەکانی کەنداو و پرۆسەی هاوسەرگیری دووەم و سێیەم و چوارەم .**

حزبە ئیسلامییەکانی عیراق هەموو چالاکییەکانی خۆیان لە کاری سیاسیدا تەسکردووەتەوە و وازیان لە ئەرکی سەرەکییان کە پەروەردە و رۆشنبیری و فیکر و بانگەوازی ئیسلامییە هێناوە و نەیوانتوانیوە وەك پێویست لەگەڵ خواستەکانی گەنجانی موسوڵماندا بن.

لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی سێ حزب و ژمارەیەك ڕەوتی سەلەفی و قوتابخانە و ڕێکخراوی تری ئایینی هەن کە چالاکییان هەیە، بەڵام لە ماوەی 5 ساڵدا نزیکەی 600 گەنجی هەرێمی کوردستانەوە لە شارو شارۆچکەکانەوە پەیوەندییان بە ڕێکخرای داعشەوە کرد و بەشێکیشیان کوژران.

حزبە ئایدۆلۆجییەکان ئەرکیان زۆر قورسە و دەبوو زیاتر و زیاتر لە خەمی پەروەردەی تاکەکاندا بوونایە و هەموو جوهد و توانایەکیان نەدایەتە بە کاری سیاسی، لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەك توانیویانە گەنجانی کوردستان بگێڕنەوە لە چوونە ناو داعش بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر باشتری کاریان بکردایە ژمارەی ئەو گەنجانە لە پەنجەی دەست تێپەڕیان نەدەکرد کە کەوتنە ژێر فیکری داعشەوە. (دەنگی ئەمریکا، 2013)

بەشێك لە حزبەکان بەو پێیەی باکگراوندێکی چەکدارییان هەبووە، دەبوو زیاتر لە خەمی گەنجانی ئیسلامی تێبگەشتنایە کە فیکری توندڕەوەی لە نەوەدەکانەوە گەشەیکرد و ڕێکخراوکانی (تەوحید و جیهاد،

ئەنسارولئیسلام، حەماس، جوندولئیسلام) نەیانتوانی جێپێی خۆیان لە کوردستان قایم بکەن و هەرزوو توانەوە.

بەشێکیتریشیان کە سەرەتا و لە راگەیاندنییەوە بە چالاکیی پەروەردەیی و بانگەوز و رۆشنبیری ناسێنرا بەلاّم هەرزوو کەوتە ژێر کاریگەری هەژموونی سیاسەتی نویّ و هەڵبژاردن و پەروەردە و بانگەواز تێکەڵ کرا.

حزبەکانی کوردستان لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەی بە هۆی نزیکییان لە کار و چالاکییەکانیاندا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لێوە نابینرێت بەلاّم تێکەڵ و پێکەڵی کاری سیاسی و پەروەردە و بانگەواز و شپرزەبوونی ئامانج و میکانیزمەکانیانەوە نەیانتوانیوە کاریگەری گەورە لەسەر پەروەردە و راستکردنەوەی فیکری دابنێن.

حزبەکان دەیانتوانی بە زیاتر لەگەڵ خەڵکدا بوون، گرنگیدانی زیاتر بە پەروەردە و بانگەواز، هەنگاوی گەورەتر بنێن لە لاوازکردنی فیکری توندڕەوەی و توندتیرژی بە تایبەت فیکری داعش.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم رەخنەیەی ئاراستەی حزبەکانی کوردستان دەکرێت رەحنەیەکی رێژەییە, چونکە ئەگەر وا دابنرێت کە حزبەکان لە کوردستاندا نەبوونایە و چالاکی رۆشنبیری و سیاسییان نەبوایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ژمارەی ئەو گەنجانەی پەیوەندییان بە داعش و رێکخراوە چەکدارییەکانی ترەوە کرد زۆر زیاتر دەبوو, ئەگەر ئێستا 600 گەنجی کوردستان پەیەندییان بەو رێکخراوە توندڕەوانەوە کردووە, ئەوا ژمارەکە دە هێندە و سەد هێندە زیاتر دەبوو, لەبەر ئەوە

زۆر گرنگە کاری ئیسلامی کوردستان قۆماغێکی نوێ ببڕێت و زیاتر لە خەمی پەروەردەی گەنجاندا بێت.

لە لایەکیترەوە ئەوە روونە کە ئومێدی گەنجانی موسوڵمانی کوردستان بە رەوتە ئایدۆلۆجییەکان  لاواز بووە و رۆژ بە رۆژیش لاوازتر دەبێت و پرۆژەیەکی جیاوازتر و چالاکتر بە پێویست دەزانرێت.

پرۆژەیەکی نیشتیمانی ئایینی ، کە هەم بواری نیشتیمانی و نەتەوەیی بگرێتەوە و هەم ئایدۆلۆجیای ئایینی تێپەڕێنێت و لە سێکتەرە جیاواز و سەربەخۆکانی پەروەردە و بانگەوازی سەربەخۆ، راگەیاندن و رۆشنبیری سەربەخۆ و سیاسەتکردنی سەربەخۆ و نیشتمانی بگرێتەوە.

پرۆژەیەك هەڵگری خەم و مەینەتییەکانی هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بێت بە بێ جیاوازی و بتوانێت هاوسەنگی سیاسی رابگرێت و لە قەیران و کێشەکاندا کەشی دیالۆگ بسازێنێت و بە پەروەردە وبانگەوازی ئاینی زیاتر لە ناو کۆمەڵگەدا بێت، بە راگەیاندنێکی کاریگەر داکۆکیکاری سەرسەختی هاولاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بێت و سیاسەتی سەرراست و بێ گرێ و گۆڵ و ئامانجدار بکاتە پەیڕەو.

ئەم پرۆژەیەش ناکرێ بە بێ سەرکردە و کادیرو چالاکوانانی حزبە ئیسلامییەکان بکەوێتە گەڕ.

## بەشی دووەم

## داعش .... بەرەو کوێ

## ئاڕاستە و ئەنجامگیری

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەوە دەخەینە ڕوو کە پاش هەموو تێپەڕاندنێك وەستان و پووکانەوە و لەناوچوون دێتە ئاراوە، ڕوانگەکانی توانەوە و کۆتایی داعش لە لایەك

و ئەگەرەکانی بەردەم هێز و دەوڵەتەکانی ناوچەکە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی شیدەکرێنەوە.

مایکڵ نایتس (2015)، لە پەیمانگای واشینتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەلاتی ناوین پێی وایە: لە ڕوانگەی سیاسییەوە بە هۆی سیاسەتەکانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عیراق نوری مالیکییەوە کە سوننەکانی پەراوێزخستبوو، ئاستی هاوسۆزی بۆ چەکداران بەرزبوویەوە وژینگەی گەشەی داعش زیاتر سازێنران.

هێرشەکانی داعش لە چەند ساڵی رابردوودا زیاتر هێرشی بەرگریبوون لە سوننەکانی عیراق و ململانێی مەزهەبی و تایفی ناوچەکە بوون، بە تایبەت بارودۆخ و قەیرانەکانی سوریا، سیاسەتە ناوخۆییەکانی عیراق، کە هەموویان

بوونە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی چەندین میلیشیای لۆکاڵی کە بە شێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی ئێراندا کاریان دەکرد.

"لە بەغدادا ، بێمتمانەیی و دڵەڕاوکیی تایفی، کاریگەرییان خستە سەر هێزە ئەمنییەکان و ئەوانیش بوونە بەشێك لە تۆڵەکردنەوە، کە کۆنترۆڵکردنی زۆر سەخت بوو، بە تایبەت لە کۆمەڵەکانی هاوشێوەی سەدرییەکان و عەسابەکانی حەق". نایتس (2015

ئەو لێکۆڵەرە ئەمریکییە سەبارەت بە داعش دەڵێت، داعش ناکۆکی و دڵراوکەکانی بەو شێوەیە لێکدایەوە، کە حکومەتی زۆرینەی عیراق کە شیعییە و ئێران پاڵپشتی دەکات، ئاماجییەتی تۆڵە لە سوننەکان بکاتەوە، بۆیەش

داعش خۆی بە تاکە هێز زانی کە بتوانێ نوێنەرایەتی سوننە بکات و ڕووبەڕووی حکومەتی عیراقی ببێتەوە'.

## کۆتایی داعش:

"خالید عوبەیدی" وەزیری بەرگریی عێراق رایگەیاند، تیرۆریستانی داعش لەکاتی ئۆپراسیۆنی هێزەکانی سوپادا، توانای بەرگریکرنیان نەماوە و بەئاسانی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵدەکرێنەوە کە لەژێردەستیاندا بووە و بەم نزیکانەش لەعێراق کۆتاییان پێدێت.

وەزیری بەگریی عێراق وتیشی، پێویستە ئۆپراسیۆنی هێزە ئەمنییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و لەناوبردنی تیرۆریستانی داعش بەردەوام بێت، چونکە بەبەراورد

رابردوو، تواناکانی گروپی تیرۆریستی داعش لەعێراق لاوابووە.

ئەم وتانەی وەزیری بەرگریی عێراق لەکاتێکدایە، ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش لەعێراق بەردەوامە، لەچەند مانگی رابردووشدا سوپای عێراق چەندین شاروشارۆچکەی لەدەستی داعش رزگارکردۆتەوە.

بەڵام ئەمریکییەکان ڕوانگەی جیاوازتریان هەیە بۆ کۆتایی هاتن و کۆتاییپێهێنانی داعش.

مارك تۆنەر، جێگری وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ تۆڕی هەواڵی (BBC)، رایگەیاند: لە ماوەی سێ مانگی رابردودا

توانراوه لە بارەی پرۆسەی گۆڕانکاریی سیاسی لە سوریا دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنرێت، بەجۆرێك لە ئێستادا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان رێککەوتنێك لە ئارادایە بۆ پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتە و ئۆپۆزسیۆنی سوریاش بە کردەوە لەو پرۆسەیەدایە. (شوباتی 2016)

دەربارەی لێدوانەکانی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق کە پێشتر رایگەیاندبو، لە ساڵی (2016)دا داعش بە تەواوی تێکدەشکێت، مارك تۆنەر وتی: "ناکرێت خشتەیەکی کاتی دابنرێت بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی داعش لە عێراقدا، بەڵام هێرشە ئاسمانییەکان زیاتر دەکەین لە پێناو پشتیوانیکردنی پرۆسە سەربازییەکانی دژ بە داعش".

له لایەکیترەوە و لەمیانی وتارێکدا لە لوتکەی ئاسایشی نەتەوەیی لە واشنتۆن، بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا "جۆن برینان" رایگەیاند، لەو بڕوایە دام دوای سەرکەوتنی شەڕەکان دژی داعش، بەتایبەت لە سوریا، کێشە و ململانێی دیکەی پەیوەست بە سیاسی و چاکسازی ئابووری لە وڵات سەرهەڵدەدەن، هەروەها پشێوی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەردەکەوێت و کێشەی تایفی روودەدات.

برینان ئاماژەی بەوەش کرد، لەگەڵ ئەوەی رێکخراوی داعش خاکی زیاتر لە عێراق و سوریا لەدەست دەدات، پێدەچێت بۆ ماوەیەکی زۆر بوونی بمێنێت و ئەو بوونە چەند ساڵێك بخایەنێت، وتیشی، بەهەر حاڵ هیچ ئاماژەیەك نییە داعش کۆتایی پێ بێت.

ئەوەشی خستەروو کە چەکدارە بیانییەکانی داعش بۆ چەند ساڵی دیکە دەبنە مایەی کێشە و سەرئێشە بۆ ئەمەریکا و چەند حکومەتێکی دیکە.

بەشێك لە چاودێران و لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوەن کە بە کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ و رەققە داعش کۆتایی دێت، بەشێکیشیان خودی داعش بە سیناریۆیەکی نێودەوڵەتی دەزانن.

بە بڕوای ئارام قادر (2016) لە راستیدا مەرج نییە ئەوەی روودەدات بڕواتە خانەی تیۆری پیلانگێڕانەوە (نڤـریە المؤامراە)، چونکە زۆرێك لە رووداوەکانی ئێستا بەدەرن لە پیلان و پلان، بەڵکو زۆریان خۆرسك وسروشتین، بەلاّم ئێستا ئەوەی پیادە دەکرێت تیۆری قۆستنەوەیە (سیاسە

الاحتواو). ئەو لێکۆڵەرە پێی وایە، بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی ڕێکخراوی داعش دەکەوێتە خانەی سیاسەتی قۆستنەوە و بەکارهێنانەوە ، بەڵام گرتنەوەی موسڵ یاریەکی زۆر ئاشکرایە و خۆماندووکردنی ناوێت و شیکاری ورد هەڵناگرێت، چۆن ئامادەکراوە و روونە کە چۆن تەسلیم دەکریتەوە.

"دواخستنی تەسلیم کردنەوەی موسڵ پەیوەندی بە ناکۆکی نێوان هیزە نێوخۆیی و ناوچەیەکان و ڕێکنەکەوتنیانە لە سەر هاوکیشەکان و دەستکەوتەکان، دیاریکردنی کاتی ڕۆشتنە نێو موسڵ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناکۆکیەکانی سوریاوە هەیە.خوێنی خەڵك دەڕژێنرێت لە پێناو دروستکردنی پاڵەوان و دە ستکەوتی مادی و سیاسی، لە ڕابردوودا پیلانگێڕان بە شێوەیەکی

زۆر پەنهان و بە وردی دادەڕێژرا، هەر بۆیەش کەسانی زۆر زیرەك دەیانتوانی هاوکێشەکان شیتەڵ بکەن و لە یاریەکان تێبگەن، بەڵام ئیستا زۆر بەئاشکرا دیارە چۆن ئەم یاریە بەڕێوەدەبرێت و هەمووشی لە پێناو کۆمەڵێك بەرژەوەندی حزبی و تاکە کەسیە، ئەوە نییە خوێنی هاوڵاتیانی میللەتان بەفیرۆد ەردرێت و ناوی جۆراوجۆری لێدەنریت." (قادر، 2016).

## بارودۆخی کورد دوای داعش:

لەگەڵ ئەوەی وادەیەکی دیاریکراو بۆ کۆتایی هاتنی داعش نیە، بەڵام بە سەرنجدان لە مێژووی رەوتی توندڕەوی،

**دەکرێ لە کەمترین پووکانەوەوە دەستپێبکات تا ئەوپەڕی پووکانەوە، لە ڕێکخراوی قاعیدەوە تا ڕێکخراوی جوندلئیسلام و ئەنسارولئیسلام نمونەی جیاواز دەبینرێت.**

**یەکێکی لەو پرسە گرنگانەی لە ڕووی نێودەوڵەتی و هەرێمییەوە گرنگە، باروودخی کورد و پرسی کوردە لە هەر چوار وڵاتی عیراق، تورکیا، سوریا و ئێران پاش کۆتایی هاتنی داعش.**

**ئەوەی گرنگە و وەستانی زیاتری دەوێ، پرسی کوردە لە عیراق و سوریا واتە باشور و ڕۆژئاوای کوردستان، بەو پێیەی وەك چۆن داعش لەم دوو وڵاتەدا وجودی خۆی سەلماند و هەزاران کیلۆمەتری داگیر کرد ئاواش کورد لە**

هەردوبەرەی (پێشمەرگە و شەرڤان) ەوە لە بەرگیرییەکی سەختدایە.

ئەگەرچی بەشدارییپێکردنی کورد لە شەڕەکاندا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نیە و کورد بانگهێشتی کۆبوونەوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ناکرێت و نەکراوە و زیاتر یاریکەرێك دەبینرێت، بەڵام ناتوانین لە ئەنجامگیری پێشهاتەکاندا چاوەڕێی گۆڕانکاری گەورە بۆ کورد بکەین.

بەشداری پێنەکردنی کورد لە دوایین کۆبوونەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شەڕی دژە داعش کە بۆ تاوتێکردنی پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ، دووەم

**گەورە شاری عیراق و پایتەختی داعش بوو، قسەباوسی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا،**

**لێکۆڵەری سیاسی مەسعود عەبدولخالق (2016) لەو بارەیەوە دەنوسێت، جاریکیان عەمیلیکیان هینا لای ناپلیۆن و پییان ووت دەستخۆشی ودانیشتنیکی لەگەل بکە چونکە خزمەتی زۆری ئیمەی کردوە ،ناپلیۆن ووتی لە پای ئەوکارانەی پارەی وەرگرتوە؟ ووتیان بەلی ، ووتی شایەنی تەوقەو دانیشتن نیە برۆن تەنها پارەی پیبدەن.**

**ئەو لێکۆڵەرە دەشنوسێت، مادام سەرکردایەتی کورد لەجیاتی بەشداری شەری موسل پارەی وەرگرت شایەنی ئەوەی نامینی بەشداری لەکۆنفرانسی نیو دەولەتی پیبکریت ،وە نەشکراو چیتریش ناکری ، هەتا زوە ئەو**

ریکەوتنە هەلوەشیننەوە لەجیاتی پارە وەرگرتن ریکەوتنەکە بکەنە گەرانەوەی کەرکوك ودەولەت دروست کردن وزەمانەتی مافی چارەنوس . ئەوکاتە بزانن چۆن ریزمانمان دەبیت وبەشداری هەمو کۆنگرەکانمان پیدەکریت .

ئەوەشی کە کورد چی بکات، پرسێکیتر کە لە چەند روانگەیەکەوە بە گرنگییەوە سەیر دەکرێت.

پێویستە کورد بەبایەخەوە بیر لەوە بکاتەوە ئێستا هەموو لایەنەکانی بەشدار لەشەڕی داعش لە ئامادەکاری دان بۆ ڕزگار کردنی موسڵ و کۆتایی هێنان بەداعش، ململانێ و کێشە ناوخۆییەکانی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان مایەی نیگەرانیە، هیچ پێناچێت کورد لەبەر

ناکۆکیەکانی خۆی بەرنامە و پڕۆژەیەکی دیاری کراوی بۆ دوای شەڕی داعش هەبێت، مەترسی گەورە ئەوەیە کۆتایی بەداعش بێت و کورد بڕیارێکی ژیرانەی سەبارەت بە ئایندەی خۆی نەدابێت.

"ئەو کات کورد وەك هێزێکی شەڕکەر و ئەمریکاش وەك هێزێکی بەکرێگیراو سەیری کورد بکات، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت ئەمریکا دەوڵەتێکی زلهێزی جیهانە بەرژەوەندیەکانی خۆی لەسەرووی هەموو شتێك دەبینێت، نابێ لایەنە سیاسیەکان و هیچ کەس پێی وابێت بێ بەرنامە و پڕۆژەی کورد خۆی ئەمریکا دەیکات بەدەوڵەت، بۆیە پێویستە پێش کۆتایی هاتنی شەڕی داعش لایەنە سیاسیەکانی کورد بەیەکەوە کۆببنەوە و بڕیار لەئایندەی خۆی بدات، چونکە دوای کۆتایی هاتنی داعش پرۆسەکە

**خێراتر دەبێت و پیلان و سیناریۆکانی ڕابردوو لە دژی کورد چاوەڕوان کراون، دواکەوتن و چاوەڕوانی زیاتر لەو هەلەی بۆ کورد هەڵکەوتووە، بەتایبەت ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ باری ناوخۆی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان شیرازەی زیاتر بەرەو شلۆق بوون دەچێت و داگیرکەران زیاتر سوود لەم بارودۆخە وەردەگرن بۆ لەباربردنی چارەنووسی کورد بەهۆی نزیکی و کۆنتڕۆل کردنی هەندێك لە هێزە کوردیەکان بە بەخشینی پاداشتێك کە مەرگی خۆیانی پێوەیە، لەکاتێکدا ئاشتبوونەوەیەکی گشتی لەنێوان دژەکانی کورد لەئارادایە، تورکیا"** (بۆسکێنی، 2016).

## کۆتایی

خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئایا پاش کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەلأتی داعش، سەرکردەکانی داعش چی لە خەلافەتەکەیان دەکەن.

تایمزی بازرگانی نێودەوڵەتی (IBT (2016 لە لێکۆڵینەوەیەکدا باسلەوە دەکات کە سەرکردەکانی داعش لە ئامادەکاریدا بۆ ئەوەی پێگەی داعش بە هەر شێوەیەك بووە بهێڵنەوە پاش ئەوەی خەلافەتەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

"سەرکردەکانی داعش لە ئامادەکاری و پلانداریێژدان بۆ ئەوەی داعش لە ڕێکخراوی عیراق و سوریاوە بکەنە تۆڕێکی نێودەوڵەتی و پاش خەلافەتەکەشیان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا کردەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن" .

لە کۆتاییدا وەك روونکرایەوە، پاش هەموو تێپەڕاندنێك وەستانێك و پووکانەوەیەك هەیە ئەوەش لە ڕووی لۆژیکییەوە، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتی و هاوکێشە سیاسییەکانیشەوە سەرنج بدەین خودی داعش وەك درێژکراوی داعش لە فۆرمە گشتییەکەیدا (سیناریۆ)یەك زیاتر نیە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گەمەکەرە گەورە و زلهێزەکان بە چەند ئامانجێکی جیاواز و لە هەموویان گرنگترە دوورخستنەوەی توندڕەوی و فیکری توندە لە ئەوروپا و وڵاتانی خۆیان و ڕێکخستن و گواستنەوەیەتی بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە وەك چۆن ئەوان ئامانجیانە ئەوا سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان و تەنانەت حزبە ئیسلامییەکانیش هاوکارن بۆ

گەشە و نەش و نمای ئەم فیکرە توندڕەوییانە لە ناوچەکەدا.

بۆیەش وەك چۆن چاوەڕێ ناکرێ بەم میکانیزمانەی گیراونەتەر بە تایبەت لایەنی سەربازی فیکری توندڕەو کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵکو زەمەنێك دەگوازرێتەوە و دواتریش بە فۆڕمێکیتر و ڕەنگێکیتر و چوارچێوەیەکیتر فیکری توندڕەوی لە پێش هەموو هۆکارەکانەوە لەسەر بنەمای (تۆڵەکردنەوەی ئوومەت)– انتقام، سەرهەڵدەداتەوە.

سەرچاوەکان:

1. کوردستان تریبیون، گەنجانی کوردستان چۆن دەچنە ناو رێکخراو جیهادییەکانی سوریاوە، 2014.
2. ئیکۆنۆمیستی بەریتانیا، داعش چۆن دروست بوو، 2014
3. رۆژنامەی بەیان، 2013، چیرۆکی ئەو گەنجەی لە خوێندنەوە بوویە پزیشکی ئاوارەکانی سوریا.
4. ئیشپیگڵی ئەڵمانی، چیرۆکی دروستبوونی داعش، 2013
5. دەنگی ئەمریکا، بەرنامەی دیالۆگ، 2014
6. سایتی رووداو، کورد دوای داعش، 2016
7. ئارام قادر، 2016، سایتی خەندان، داعش موسڵ تەسلیم دەکاتەوە.
8. رەسوڵ بۆسکانی، 2015، کورد و پیلانگێری نێودەوڵەتی، پێنوسەکان.
9. مەسعود عبدالخالق،2016، کورد و بەشداری کۆبوونەوەی هاوپەیمانی دژی داعش. شەن
10. ئۆرێنت نیوز: العلة في سياسات المالكي والأسد وأساليب مواجهة التنظيم تشمل استراتيجيات

مختلفة أكاديميون يحللون لـ «البيان» ظاهرة «داعش» http://www.orient-news.net/ar/news_show/81196
11. اسباب ظهور ( داعش ) وسبل الحل والمواجهة : http://www.m-alshirazi.com/subject.php?id=930
12. ظهور داعش ... الحقيقة غير الغائبة ميدل ئێست ئۆنلاين: http://www.middle-east-online.com/?id=171422
13. دەیلی بێست: To Beat ISIS, the Arab World Must Promote Political and Religious Reforms
14. ما هو سبب ظهور داعش؟ مكافحة الإرهاب http://defense-arab.com/vb/threads/82536
15. اسباب تفسر ظهور داعش في العراق : https://faysaljalloul.wordpress.com/2014/07/02/5

16. في أسباب ظهور داعش:
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=458788
17. تعاون الغرب العسكري مع الطغاة العرب سبب ظهور داعش واستمرار الأخطاء سيولد
http://arabic.cnn.com/middleeast/2014/09/11/rami-khoury-interview-cnn-isis-obama
18. أسباب ظهور داعش وكيفية القضاء عليه: شفق
19. شرق الاوسط: داعش».., تنظيم, «القاعدة», ونشأ, السجون, البعث, ويطمح
http://aawsat.com/home/article/151451
20. الراصد: كشف ملفات استخبارية سرية في بريطانيا توضح اسباب ظهور داعش في العراق
http://alrassid.org/news.php?NewsID=7911
21. مركز الجزيرة للدراسات: تنظيم "الدولة الإسلامية": النشأة، التأثير، المستقبل
http://studies.aljazeera.net/ar/files/isil/2014/11/20141123535443353398.html

22. ما هي الأسباب التي أدت إلى ظهور تنظيم داعش في العراق والدول العربية؟
http://www.irfaasawtak.com/archives/20599
23. ISIS (Islamic State)
http://www.brookings.edu/research/topics/isis
24. Rand corporation: The Islamic State (Terrorist Organization)
http://www.rand.org/topics/the-islamic-state-terrorist-organization.html
25. Global research: The Islamic State: Who Is ISIS? An Open Source Investigation
http://www.globalresearch.ca/the-islamic-state-who-is-isis-an-open-source-investigation/5400029
26. Global research: America Created Al-Qaeda and the ISIS Terror Group:

http://www.globalresearch.ca/america-created-al-qaeda-and-the-isis-terror-group/5402881
Middle East Institute: ISIS Offensive .27
in Iraq:
http://www.mei.edu/content/at/robert-ford-isis-offensive-iraq
Middle East Institute: The U.S. .28
Military and Countering ISIS:
http://www.mei.edu/content/article/us-military-and-countering-isis
The guardian: How Isis came to be: .29
https://www.theguardian.com/world/2014/aug/22/syria-iraq-incubators-isis-jihad
What has caused the rise of ISIS?: .30
https://www.quora.com/What-has-caused-the-rise-of-ISIS
Atlantic Institute: What ISIS Really .31
Wants:

http://www.theatlantic.com/magazine/archive/2015/03/what-isis-really-/wants/384980

32. Sad red earth: The Causes of ISIS: http://sadredearth.com/the-causes-of-isis/#.V4zYaGh97IU

33. Independent: what caused terror group http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/isis-simple-one-sentence-explanation-of-what-caused-terror-group-to-form-posted-on-twitter-a6760301.html

34. The spectator: What Caused The Rise of ISIS – The War in Iraq, The U.S. Withdrawal or The Split with al Qaeda? http://spectator.org/64472_what-caused-rise-isis-war-iraq-us-withdrawal-or-split-al-qaeda/